# گازێک لە هەرێمی روحەوە

**هەندرێن**

**ئەی شەپۆلگرتوو لەناو دەنگدانەوەی بێدەنگییدا،**

**کۆچە  نەبیراوەکان، گەڕیدە تێپەڕیوەکانت:**

**سەفەرە ناوەکییە هەمیشەییەکانت**

**بە رووی بکوژەکانی دوێنێ و**

**تاڵانچییەکانی ئەمڕۆدا  رابگەیەنە،**

**کە دڵت بە کەڕووی ژان دادەپۆشن.**

**ئەی من، دوا دۆستی روح و**

**دوا نەیاری دۆڕانەکان،**

**نوتقی ئەو چۆلەکانە کۆبکەوە**

**کە حوزنی بێماڵیی بۆ نیوەشەوێک دەچڕن.**

**ئەی پەرتەوازە بوو لە نێوان تاراوگە و بێدەنگی چیاکان،**

**کە خۆکوژییەکی لێوانرێژ لە رامان**

**لە ناوتدایە.**

**بارانێکی شکۆدار،**

**گفتوگۆیەکی باڵدار**

**گازە تەریفەییەکانی روحت دەنووسێتەوە.**

**با-یەکی ئاڵاو بە راڕەوی ئەزموونێکەوە،**

بە چرپەیەکی سەرەڕۆ ئاراستەم دەکا و

کەڤرێک بێشوێنیم داگیردەکا:

ها ئەوە ماسکە کاڵەکانم

بە گۆرانییەکی "ئەسغەری"ەوە

بەرانبەر ژیانێکی لەشفرۆش ،

رۆژگارێک لە میشکەلی باڵادەست

تووڕهەڵدەدەم.

ئەی ئەو روحەی کە لە خۆم سەرابیتریی،

ئەو باڵندە چیاناسانە

لەناو یادەوەرییمدا هەڵفڕێنە.

کە دەگەڕێمەوە بۆ ماڵی شوێنەکان-،

نیشتمانێکی مێشسالار:

بانگت دەکەم و

سێبەرێک لە زمانمەوە تلدەبێتەوە.

کۆیادێک لە بێ-شوێنی لە دەنگم،

لە دڵی راساوم کەڵەکە دەبێ:

ئاوڕی دواجارت لێدەدەمەوە و

هەرێمێک لە شوێنپێ لە چاومەوە شۆڕدەبێتەوە.

چیایەکی رسکاو لەمدیو تاراوگە،

**پەنجەرەی بوونیکی مەست بوو بە ژنی پاییزیی**

**نیگای کۆچگەلێ، گازی شوێنگەلێ**

**ناو دڵم دەتەنێتەوە،**

**شەپۆڵە پەرتەکانی روحم دەنووسننەوە.**

**مێشەگەلێ لە بەها،**

**ئاکارزایەک لە زبڵ**

**بە دوامانەوەیە، ئەی روح!**

**ئەی چیایەک لە گازی پەرێشانی:**

**بەرەنگاریی لە پێشتدایە،**

**هەڵاتن بە مێش- بوونە.**

200911.5/ ستۆکهۆلم